كوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی رۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 13:45بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## كوردی رەسەن هەبێت ئێزیدیەكانن ... سمكۆ محەمەد

كێ لەئێوە لەو ئافرەتە پاكترە با ئەو بەردبارانی بكا " عیسای مەسیح"

بەردباران كردنی دوعا تاكو مردنی بەو شێوەیەی كەئەگەر كەسێك جورئەتی كردبی تەماشای رێو رەسمی كوشتنەكەی بكا، هیچی لەكوشتنی ئەو ئافرەتە كەمتر نیە كەلەسەر زاری باوكمەوە چیرۆكەكەم بیستووە، باوكم دەیگوت"لەگوندێكی نزیك ئاغجەلەر ئافرەتێك پیاوێكی تری خوش ویستووە، لەبەرامبەر ئەمەدا ئاغا وپیاوانی ئاینی بریار دەدەن لەبەر چاوی خەڵكی گوندەكەو كەسوكاری، پرچی ئافرەتەكە بتاشتن و خۆڵ و دۆی بەسەردا بكەن و پشتاوپشت سواری كەرێكی كوڵكنی بكەن و پاشان بەردبارانی بكەن تاكو گیان لەدەست دەدا" یەعنی نەریتی ژن كوشتن بەوشێوەیە، شتێكی نوی نیە لەكولتوری ئاینی و نەتەوەیی كوردیدا، جا چ ئێزدی بێت یان ئیسلام، رەنگە شانسی دوعا لەوەدابی دوای گیان لەدەستدانی، لەرۆژگارێكدا سوكایەتی پێدەكری و دەبێتە قوربانی خۆشەویستی كەسەردەمی مۆبایل و ئینتەرنێتە، ئەگینا مێژووی كولتوری كوردی پرپەتی لەو چیرۆكە جەرگ برانە و كەسیش پێی نەزانیوە.

ئەوەش كەلەدوای كوشتنی دوعا شێخی ئێزدی و بنكەی رۆشنبیری لالش ئیدانەی ئەو رەفتارە نامرۆڤانە دەكەن و بەنەریتی ئاینی ئێزدی نازانن، قسەیەكە تەنها بۆ رازی كردنی دڵی خەڵكی كوردستان و دەسەلاتە، چونكە ئەمەی ئێستا نەریتێكە ئێزدیەكان ناتوانن هاشای لێبكەن، ساڵی 2002 لەچاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ بابا چاویش كەشێخێكی ئێزدیەكانە بۆیەكێك لەرۆژنامەكان، سەبارەت بەوەی كچێكی ئێزدی ئەگەر بەنیاز بێت شوو بكا بەكورێكی موسڵمان، یان كورێكی موسڵمانی خۆشی بوی لەئاینی ئێوەدا قەبوڵە؟، بابا چاویش بەبی ترس وەلام دەداتەوە، دەڵی" ئێمە رێگە بەو جۆرە رەفتارانە نادەین و رەنگە لەناوی ببەین"، ئەم قسەیەی باباچاویش دەبوایە ئەوكات قسەی لەسەر بكرابایە، دەبوایە نوسەر و رۆژنامەنووس قسەیان لەسەر ئەم جۆرە دیاردانە بكردایە كەچەند ساڵێك بەر لەئێستا، هەمومان شاهیدی لوت برینی كەژاڵ خدر و كوشتنی بەناهەقی دەیان ئافرەت بوین بەبیانووی ناموس پەرستی ئەتك كران و كوژران، بۆئەوەی چیتر رووبەڕوی كارەساتی وەها جەرگ بڕ نەبینەوە، بەڵام كەنوسەر و رۆژنامەنووسی كورد، لەساتە وەختێكی وەهادا ئەو دیاردە نائینسانیە بەهەند وەرناگرن و خۆیانی لی كەڕ دەكەن، لەلایەك پێدەچی نوسین لەوكاتەدا كارێكی قورس بوبێت و بەرژەوەندی حیزبی رێگەی نەدابی ئەم جۆرە بابەتە كۆمەڵایەتیە بووروژێنرێت، لەلایەكی تر ئێستا رۆژنامە زۆرن و نوسەریش زۆر، بچوكترین دیاردەی وەها دەیان نوسەر و پیچشكەوتوو خوازو ئازادی خوازی لی قیت دەبێتەوە، بەومانایە ئەوەی كەئێستا بەبەرچاوی هەموانەوە دەگوزەری، نەك لەنێو ئاینی ئێزدی، بەڵكو لەنێو ئاینی ئیسلام نمونەی زیاتر هەیە و لەكاتی خۆیدا رۆژنامەی یەكسانی زۆربەی ئەو هەواڵانەی بڵاوكردۆتەوە.

ئەگەر روویەكی كوشتنی دوعا توندڕەوی ئاینی و نەریتێكی كۆنەپەرستانەی ئێزدیەكان بێت، بەرووەكەی تریدا گواستنەوەی ئەو جەنگە مەزهەبیەیە كەلەخوارووی عێراق بەناوی جەنگی نێوان شیعە و سوونە دەكرێت و رۆژانە سەدان ئینسان دەبنە قوربانی، چونكە ئەم جارەیان گواستنەوەی جەنگی مەزهەبی شیعە و سوونە ناتوانی لەكوردستان قەرار بگری، كوردیش هاوشێوەی عەرەب نین مێژوویەكی خوێناوی مەزهەبیان لەنێواندا هەبێت، بەڵام لەرێگای كوشتنی كچە ئێزدیەكەوە بەبیانووی ئەوەی كورێكی موسڵمانی سوونی خۆش ویستووە و لەئاینی ئێزدی وەرگەڕاوە، لەبارترین مەوزووعە لەم هەلومەرجەدا بۆگواستنەوەی جەنگی مەزهەبی و دروست كردنی نائارامی لەكوردستان، سەرەنجام دوعا و هاوچارەنووسەكانی دوعا دەبنە قوربانی بەرژەوەندی سیاسەتێك كەتوندڕەوی ئاین ماشینەكە بەگەڕ دەخات.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.